ژماره ٤

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی:پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی ( پاسۆک)

گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی.. بەرگی یەکەم ژمارەکانی١-١٦ چاپی ٢٠٢٢

پێش ئەوەی هەر شتێ بین، ئەبێ کورد بین

چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

ئاڵای سووری کوردایەتی ژمارە {٤ }ی مایسی ١٩٨١ ف. بانەمەڕی ٢٥٩٣ ک

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک....




بەرگی گۆڤارەکە هەمان لۆگۆی ژمارەکانی پێشووی خۆر بە چوار تیرۆژەوە و قەڵەمێک قەدی مەشخەڵێکی داگیرساوە و خەنجەرێک لە تەنیشتیدا، وەک سیمبۆلی بیر و هێز..

لەم ژمارەدا ١١ بابەتی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەوێت..

سەرەتا دیسان شیعرێکی پەشێو- ناوی شاعیری لەسەر نەنووسراوە- پێشوازی لە خوێنەرانی ئاڵا دەکات و شیعرەکەش بۆ ئەوکاتە و هەتا ئەم چرکەساتە لە ئەدەبی کوردیدا گرنگترین و بەهێزترین بنەمای پێناسە و بەهای ئاڵا دەردەخات.. ئاڵا هەر سیمبوڵێک نییە بۆ پارچە پەرۆیەک یان قوماشێک، وەک ناحەزەکانی دەیانەوێ وێنای بکەن! ڕەهەندی گەورەی وا لە پشتەوە، هەر لە سیفات و نیشانە جیاکەرەوەکانی میللەتان لەیەکتر تا دەگاتە سیمبۆلی شانازیی و سەروەریی لەسەر ئاستی دنیادا... بەشێکی گرنگی ناسنامەی بوونی هەر گەلێکە، هاوکات لێرەدا بۆ کورد مانای سەربەخۆیی و بەدەوڵەت بوونیش دەگەیەنێ و لەڕووی نێونەتەوەییشەوە ددان پێدانراوە...

[دۆستەکانم باش بزانن، دوژمنانم باش بزانن ، چەند باوەڕم بە زەردەشت و بە ئاویستا و بە خوا هەیە، هەزار هەندەش، باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە]..پەشێو بەم هاوارە بەڕووی دۆست و دوژمنانی ئاڵای کورددا دێتە دەنگ لەگەڵ مانگی ئاداردا یەکێ لە بۆنە و جەژنە جیهانییەکانمان وەبیر دێتەوە.. ١ ی ئایار

له ساڵی ١٨٨٦ ەوە باسی تێکۆشان و هەوڵی بەدەستهێنانی مافی کرێکاران لە کەمکردنەوەی کاتی کارکردن و کرێی کاری پێویست گەرمە بەتایبەت لەدوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە.. بۆتە جەژنێکی فەرمی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەپاسا ئەو رۆژە بپشووە و کاری تێدا ناکریت.. زەحمەتکێش و کرێکاران لە جیهان دا و ئەم توێژە ماندوو و بەشمەنەت و دووجار چەوساوەیەی کورد، سووتەمەنی سەرەکی ژیانی بندەستین .. بۆیە گۆڤاری ئاڵای سوور سەروتاری خۆی[ ئایار و ڕەنجدەرانی کورد] تەرخان دەکات بۆ ئەم بۆنە گرنگ و پیرۆزە... ئاخر دەبێت ژیان و گوزەران و چارەنووسی رەنجدەر و کرێکاری کورد لەسایەی نیشتمانێکی داگیرکراو و دابەشکراودا چ بێت؟.. لەم وێرانەماڵەدا کامە ماف و خۆشی و ئاسوودەییەکیان هەبێت؟...!

[ زەحمەتکێشان و ڕەنجدەرانی هەر کۆمەڵێک بەردی بناغەی کۆمەڵ و دینەمۆی بەرەو پێشەوە بەری مێژوون].. یەکەم دێڕی نووسینەکەیە..

هەقیقەتی دۆزی کورد کە زەحمەتکێشان و کرێکاران بەشێکی بەرچاو و زیندووی پێک دێنن ئەوەیە کێشەکەی نەتەوەییە، نەک چینایەتی. گریمان کرێکارێکی کورد لە عێراق یان تورکیادا لە ڕووی چینایەتییەوە ئازاد بووا ئەی خۆ پرسە نەتەوەییەکەی وەک بەشە سەرەکییەکەی خەباتی هەر زیندوو دەمێنێتەوە..!

وتارەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە وەک پاسۆک لەگەڵ تەواوی مافی ئەم توێژە چەوساوەیەدایە و بەڵنیاییەوە لەسایەی [کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان]دا دەرفەتی فەراهەمکردنی ئەو مافانەی بۆی تێکۆشاون مسۆگەر دەکرێن.. بۆیە لە کۆتایی وتارەکەدا داوایان لێ دەکرێ [ پتر تینوتاوی شۆڕشەکەیان بلێسە بسێنێ و هەنگاوی چەسپاو بەرەو کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان] بنێن.. تا گەورەترین دینگەی چەوساندنەوە و ناڕەوایی و ئیمپریالیزم و گەراکانی لە جیهاندا پاکتاو کرێت]..شەکاوە بێت ئاڵای زەحمەتکێشانی کورد

ئەمەش چمێک ترە لە دروشمەکانی پاسۆک بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان:

بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی چەوساوانی دنیا بدەین دەبێ جارێ چەوساندنەوە لە کوردستاندا نەهێڵین. دوژمنی چەوساندنەوەین لە دنیادا و خۆشمان بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی کورد تەرخان کردووە. ئێمەی کورد دۆستی ڕاستەقینەی چەوساوانی جیهانین.

[[ ڕازێکی کوردانە]] ی ئەم ژمارەیە لەژێر ناونیشانی[ چۆن خەمی دواڕۆژ هەڵدەگیرێ؟]..'[ ئەو دەرفەتەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق هێنایە بەردەم کورد،چانسێکی گەورە و زێڕینی خستە بەردەم بەتایبەت لە باشووردا و تەنانەت رۆژهەڵاتیش دا، دەرفەتەکە بقۆزنەوە.. ڕازەکەی ئەم جارە بە دوورودرێژی دروشمە سەقەتەکانی حیزبی کوردی لە پاسای پارێزگاکانەوە هەتا فشە مافەکانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە کە باڵاترین داوای ئەو رۆژگارەی حیزبە کوردییەکان بوو. بەتایبەت ڕووماڵێکی ئەزموونەکانی کورد لەگەڵ بەعسدا لە ساڵی ١٩٦٣، ١٩٦٨ و دوا ئەزموون ١١ی ئازاری ١٩٧٠.. لە تێکراپاندا کورد دۆڕاو و دەستبەتاڵ دەرچووە.. ئەگەر کورد بەراستی و دروستی هەر کام لەو مافانەی بەدەست بهێنایە، تەخت و تاراجی دەوڵەتە داگیرکەرەکە لەبەر یەک هەڵدەوەشایەوە...

لەو دۆخەی دوای هەرەسدا، لەنێو حیزبە کوردییەکاندا بەرنامە و پرۆژەیەکی هاوبەشی کوردی نەبوو.. گەر هەر لایەنێک بیشیویستبایە ڕێگاچارەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە دۆزی کورد هەڵبژێرێ، حیزبە کوردییەکان توانای ئەوەیان نەبوو پێکرا مەلەفی کوردی بخەنە بەردەستی... هەر حیزبە بە هەوا و ئارەزووی خۆی قسەی لە مافەکان دەکرد و سەربەخۆ دەجوڵانەوە..

پاسۆک لەگەڵ ئەوەدا هەوڵی دەدا، بنمیچی دروشم و داواکانی کورد بەرز بکاتەوە بۆ داوای دیاریکردنی مافی چارەنووس ، هاوکات دەیویست ئەم دۆزە بە داوا و سیاسەت و دروشمی هیچ حیزبێکەوە گرێ نەدرێ..وەک دۆزی نەتەوەیەک مامەڵەی لەتەکدا بکرێ..

ڕازەکە ئەوەش دەدرکێنێ کەوا داگیرکەری ئیمڕۆ و ئەوەی سبەینێش هیچی لە هەگبەدا بۆ کوردد پێ نییە، ئیدی نابێت بە درۆ خۆمان فریو بدەین و بە دیار داری زڕەوە خەونی سەوز و سوور ببینین.. ئەم هەقیقەتەش ئێستا هەموو بە چاوی خۆمان بە زیندووی دەیبینین لە دۆخی هەڵبژاردەکان یاخود گۆڕانی دەسەڵاتەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان دا و بەڵگەی تریش زۆرن ئەمراستییە بسەلمێنن. ناوەڕۆکی وتارەکە داوا لە جەماوەری زەحمەتکێشی کورد دەکات[ ئێوە خوێنی چاکترین ڕۆڵەی خۆتان پێداوە- بە دۆزی کورد- خاوەنی شەهید و گوندی سووتاو و ژیانی دەوروبەری و پڕ مەینەتین.. خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم مەسەلەیە ئەو ڕۆڵانەتانن کە ژیانیان بە مەرگ گۆڕیوەتەوە]..

کاتێکیش داوا لە پێشمەرگەی کوردی گیان لەسەر دەست دەکات ئەوەی ئێوەی پێشمەرگە دەیکەن و تۆماری دەکەن لە داستانی ئازایەتی و گیانبەختکردن هیچی لە [ فەلەستین و ڤێتنام و لاوس] کەمتر نییە.. پاشان دەنووسێ:[ داوای حسابی تەواو ڕوون لە هەموو لایەکمان بکەن و ئێوەش ڕێ مەدەن لە ناو زاراوەی " ئیزم" اتیدا بتان تاسێنن].. حپەیام لەمە ڕاستگۆیانەتر و دڵسۆزانەتر لە هیچ شوێنێکی تردا بەدیدا ناکرێ! بەتایبەت لە دنیای حیزب و حیزبایەتی دا، داوا لە جەماوەر بکەیت بێتە چاودێر بەسەرتەوە و لێپێچینەوەت لەتەکدا بکات..!

[شادەمارە سەرەتاکانمان].. لەژێر ناونیشانی [[ ڕێز و سوود لە هەموو تاقیکردنەوەیەکی جیهانی و نێونیشتمان دەگرین و وەردەگرین بە مەرجێ لەگەڵ بەرژەوەندی و ویست و ئارەزووی دەروونی کورددا بگونجێ]]... دەرگا بەسەر کۆمەڵێ باسوخواستی گرنگی چارەنووسسازدا دەکاتەوە و دەمانخاتە بەردەم ئەرکێکی قورس کە یەخەی بە چارەنووس و شۆڕشی کورد گرتووە:

١ـ بۆ شەڕی داگیرکەرانی کوردستان بەتەنیا ئەزموون و تاقیکردنەوە و وزە و هێزی کورد بەس نییە؟ ئەی کەواتە دەکرێ سوود لە چی و کێ وەرگیرێ و هانا بۆ کوێ ببرێ؟؟...
٢ -کامانەن ئەو ئەزموونانەی بەکەڵکی واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد دێن و کورد کورد دەتوانێ سوودیان لێ وەگرێ ؟؟..!!

٣ -هیچ کەس و لایەک هەیە دەستی یارمەتی بێ مەرج و بێ بەرانبەر درێژ بکات؟..! لە شیکارێکی بابەتیی حەوت لاپەڕەییدا بە تانوپۆی ئەم باسەدا دێتە خوارێ و پانۆڕامایەکی مێژووی ڕووداوەکانی کورد بە چاک و خراپەوە دەخاتە بەرچاو و پێداگریی لەسەر ئەو تایبەتمەندییانە دەکات، کە دۆزی کورد لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە.. بۆیە ئەگەر بمانەوێ تاقیکراوە سەرکەوتووەکانی جیهان بهێنین و کتومت لە کوردستاندا دووبارەیان بکەینەوە، مەرج نییە سەرکەوتوو بین، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ زەمینەیان جیاوازە و هەر یەکەیان بە چەندین هۆکاری جۆراوجۆری سەربەخۆوە گرێ دراون. بە دەربڕینێکی تر مەرج نییە قاڵبی ئەوان بۆ کورد دەست بدات..!! لەوەش گرنگتر نموونەیەکی کەم هەیە لە خەباتی ڕزگاریخوازی و شۆڕش لە جیهان دا ، بێ هاوکاریی دەرەکی سەرکەوتنی بەدەستهێنا بێت..شۆڕشی ئەمەریکا و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و خەباتی ڤێتنام و زۆر شوێنی تری جیهان بەهاوکاریی دەرەکی بە ئەنجام گەیشتووە. شیعرێکی حاجی قادری کۆیی - تا ڕێک نەکەون ؟؟؟؟ لە سەر تەبایی و ڕێککەوتن و ڕاگەیشتن بە دنیای پێشکەوتوو، ناوەڕۆکی گۆڤارەکە دەوڵەمەند دەکات..

[[ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە]].. ناونیشانی وتارێکی ترە کە ئاڕاستەی [ برا بەزیوە ترسنۆکەکەم] کراوە..

بانگەوازەکە چرپەیەکە بۆ گوێی ئەوانەی بە هۆوهۆکارێک یان پاساوێکی نالۆژیکی خۆیان لە ئەرکی شۆڕشگێریی دەدزنەوە و شەرەفی نەتەوایەتی ناخەنە سەر شانی باوەڕ و تێکۆشانیان.. بەتایبەت کە لەسەرەتای هەشتاکان دا لێشاوێکی زۆر لە گەنج و خوێنەوەر و ڕۆشنبیر و خەڵکی ئاسایی کوردستان بەجێ دێڵن بەرەو ئەوروپا دەڕۆن..

شۆڕشگێر خۆی دەبێت ئازا و لە خۆبووردوو و بێنیاز و دڵسۆز بێت، بەشداریش لە بزاڤی ڕزگاریخوازیدا ئەرک و ڕوومەتێکی بەرز و پیرۆزە.. نابێت پەندی ( گا ئەیکات و کەر دەیخوات) لە ئایندەی کوردستاندا بێتە دی و ئێوەش پێویستە بەشداری کاروانی خەباتی خوێناوی کورد بن..

{{ دەمانەوێ لەسەنگەری ئەو شەرەفەوە کە بە خۆی ڕەوا نابینی دەنگێکت بە گوێدا دەین، بەڵکوو ئێ! جووڵەیەکی پیاوەتیت تێدا مابێت و دەمار بتگرێ! بیرت دەخەینەوە کە شۆڕش باڵاترین شێوەی چالاکی ئیجابی مرۆڤە بۆ چەسپاندنی ڕەوا و ڕاستکردندنەوەی بارێکی ئاڵۆز و ناسروشتی نێو کۆمەڵ .. بەواتایەکی دیکە ڕسکانە لەنێو ژاندا و خۆ تەرخان کردنە بۆ کۆمەڵ.[[..

وتارەکە توندە و بە قورسی دەستی داگرتووە بەرانبەر ئەوانەی فیزماڵک لە گۆڕەپانی خەبات دەکەن و بیانوو و پاساوی نابەجێ بۆ جێهیشتنی کوردستان و شۆڕشەکەیی و هەڵاتنەکەیان دەدۆزنەوە.. جێی خۆیەتی بڵێین دواتر زۆر لەم کەسانە بوونە هێزێکی مادی و گەورە لە دیاسپۆڕا بۆ کۆمەکی کورد و کوردستان و ریسواکردنی دوژمنانی..
]] حشۆڕشگێڕایەتی شەرەفێکی هێندە مەزنە، کە نە بەر هەموو کەسێ دەکەوێ و نە هەموو کەسێکیش شانی هەڵدەگری، تەنها ئەوانەی کە ژیان لە خزمەتی نەتەوەکەیاندا دەبێنن و ( زات) یان ئاوێتەی( زات) ی نەتەوەکەیان دەبێت ، دەتوانن تا سەر ئەو شەرە بپارێزن..[[

ئەو سەردەم کورد لە باشووردا کەوتبووە بەردەم دڕندانەترین سیاسەتی داگیرکاری و فوژمنانەی ڕژێمی بەعس و دەوڵەتەکەی.. سیاسەتی بە عەرەبکردن و ڕاگوێزان و دەرپەڕاندن و شێواندنی دیمۆگرافیای کوردستان و ئاگر و ئاسن باران بەسەر شاروگوند و دەشت و کێوی کوردستان دا..

[ قوتابخانەی پاسۆک] ئەم جارە وانەی [[ کۆلۆنیال و کۆلۆنیالیزانی/ ئیستعمار و ئیستعمارانی کوردستان]].. ی تێدا دەوترێتەوە.

زۆر بەدەگمەن باسی کۆلۆنیالیزم لە ئەدەبیاتی حیزبی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت.. بەتایبەت لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا جگە لە پاسۆک هیچ حیزبێکی کوردی ئامادە نەبوو ددان بەوەدا بنێ (کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیکراوە). باشترین پێناسەیان ئەوە بوو عێراق رژێمەکەی رەفتار فاشیانەیە..

کەواتە ئەم باس و بابەتانە جۆرێک لە تابوو و نامۆبوون لە ئەدەبیاتی سیاسی حیزبی کوردیدا.. خوێنەری کوردیان پێ هوشیار نەکراوەتەوە و بگرە لە ترس و شەرمدا زەندەقیان لەبەکارهێنانی ئەم چەمکەدا چوو بوو. حیزبەکانی دیکە زیاتر سەرگەمی خەباتی هاوبەشی کوردی ژێردەستە بوون لەگەڵ میللەتانی سەردەستی تورک و فارس و عەرەب..

ڕەنگە ئەم ژینگە نالەبارەی حیزبی کوردی بە ئایدۆلۆژیای هەرشەوە سازیان دابوو، کۆسپیش بوو بێت بۆ بەردەم بیرکردنەوەی پاسۆک، لە دەربڕینی قورس و دروستی ئەم چەمکەدا.. جێی نیگەرانیشە کەوا تا ئێستا لە کتێبخانەی کوردیدا سەرچاوەگەلێکی پێویست لەسەر ئەم باسە فەراهەم نییە..دواتر لەسەردەمێکی کورتدا پ ک ک ش ئەم باسەی زەق کردەوە و زانای بەناوبانگی سۆسیۆلۆژی تورک (

ئیسماعیل بێشکچی ) به تێزه گرنگەکانی کتێبه بەناوبانگەکەی ( کوردستان دوا کۆلۆنی) ئەم باسەی دەوڵەمەندتر و زیندووتر کرد و سەلماندی که کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی دەستی سیستەمی جیهانی خوڵقاوه، که هێزه ئەهریمەنه جیهانییەکان نەخشیان کێشاوه... داگیرکەرانی تورک و عەرەب و فارسیش بەشێکی زیندوو و جێبەجێکاری ئەو تاوانه نێودەوڵەتییەن..!

مێژووی کۆلۆنیالیزم دەوڵەته زلهێزەکان ئیسپانیا و پورتوگال و هۆڵەنده و ئینگلیز و فەرەنسا کۆلۆنیالیزمی نوێ ئەمەریکا کۆنه سیاسەتی پێڕەکراویان جۆری زۆره و بەتایبەت هی کوردستان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیه..

گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی.. به تێروتەسەلی بەم باسەدا شۆڕ دەبێتەوه و دێته سەر نموونەی کۆلۆنیالیزم له کوردستان دا و به ٤ به جۆر نیشانی دەدات..!
" حکۆلۆنیالیزمی: ئابووریی نموونەی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی له هندستان و عێراق و کەنداو و ئەفەریقا، کۆلۆنیالیزمی ڕۆشنبیریی وەک کۆلۆنیالیزمی فەرەنسایی له جەزائیر و لوبنان و هەندێ وڵاتی تری ئەفەریقا ، کۆلۆنیالیزمی جێنشینی/ ئیستیتانی، وەک کۆلۆنیالیزمی سیاسی وەک کۆریای خواروو و ڤێتنامی خواروو.. "

کورد لەژێر چەپۆکی فارس و ئیسلامی ئەمەوی و عەباسی عەرەبیدا و دواتر سەفەوی عوسمانی تا ئێستای تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا. دوورودرێژترین ئەزموونی لەگەڵ جۆرەها کۆلۆنیالیزم و دەبڵ کۆلۆنیالیزمدا هەیه..

{{ له هەمووی بەدتر داگیرکەرانی کوردستان هەر چوار جۆر و شێوازی کۆلۆنیالیستیان له یەک کاتدا لەخۆدا کۆمەڵ کردۆتەوه و زۆر به دڕندانەتر و خراپتریشەوه..[[ لەڕووی ئابوورییەوه سامانی کوردستان بەتاڵان دەبرێ و دەکرێته پارەی مۆڵ و چەک و تەقەمەنی سووک و قورسی پێدەکڕدرێت و کوردستانی پێ کاول دەکرێ و کوردی پێ دەکوژرێ.. له ڕوویی ڕۆشنبیرییەوه کۆلۆنیالیزمی کوردستان گەشه به هەموو زمان ورۆشنبیریی و فەرهەنگی شتێکی خۆی دەدات و فەرهەنگ و مێژوو و ناسنامەی کورد دەشێوێنێ! یان قەدەغه دەکات.. لەڕوویی نیشتەجێکردنەوه ئەندازەی تەعریب بەڕادەیەک ترسناکه نیوی خاکی کوردستانی گرتۆتەوه.. له شوێنی کورد عەرەب نیشتەجێ دەکرێ ئیمتیازیان هەیه له دامەزراندن له کارخانه گرنگ و هەستیارەکانی وەک نەوت..له ڕووی سیاسییەشەوه بوونی کورد له زۆر شوێن قەدەغەیه بەشدار نییه له کایەی سیاسیدا و جومگه بەهێزەکانی دەوڵەت هەر بەدەست میللەتی سەردەستەوەیه.. نه هەڵبژاردنی ئازاد هەیه و نه کورد دەنگی سەربەخۆی خۆی هەیه.. بێشکچی دەڵی:" سەرتاسەری فەرهەنگ و ژیاری هەر سێ نەتەوەی فارس و تورک و عەرەب بەپێی درۆ و فریو داڕێژراوه، بۆچی؟ بۆئەوەی که حاشایان له ڕۆڵی مێژوویی نەتەوەی کورد کردووه، بۆئەوەی غەدریان له کورد کردووه.."

هەر لەم ژمارەدا جارێکی تر شیعرێکی ناوداری تری پەشێوی شاعیرمان بەرچاو دەکەوێ له ناوەڕۆکی وتاری سەرەوه زۆر نزیکه و پەیامێکی ڕەسەنایەتی کوردی لەناوچەکەدا له خۆ گرتووه. شیعری (( تەعریب)):

له ئاسمانەوه نەهاتووم ، من میوان نیم، من میوانی ، سێبەری قورسی کوردستان نیم، بەر لەمێژوو ، ئاگرێک بووم لیره دەربووم، بەر لەمێژوو ئاگرێک بووم لێره هەڵبووم... بارکەن بڕۆن، کانیاوەکان جگه لەمن کەسێکی تر تێر ئاو ناکەن، بارکەن بڕۆن، زەوی ئێمه دانی ئیوەی لێ شین نابێ، مێرگی ئێمه لەژێر پێی گاڕانەکانتان، وەک ئاگرن، تا دار تووشمان یاخی دەبن، جۆلانەیەک بۆ مناڵتان ڕاناگرن، بارکەن بڕۆن، میوەی درەختەکانمان تاڵه، ئاومان سوێره، هەنگوینمان بەدەمتان تاڵه، بارکەن بڕۆن، بارکەن بڕۆن...

دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کەوا ئەم دەقە شیعرییانەی (پەشێو)ی گەورە لەو ڕۆژگارەدا تەنیا لەسەر ڕووپەلی بڵاوکراوەکانی پاسۆکدا بەرچاو دەکەوتن، بێ سانسۆر و بێ پەساپۆرت تێدەپەڕین و دەهاتن.. ئەو شاعیرەش لەبەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی و شیعرە بەرزەکانی گیانی کوردایەتی خرۆش دەدا، لە زۆر شوێن قاچاخ بوو!.. باجی زۆر قورسی بۆ ئەم بیرکردنەوەی داوە.!

دێینە سەر وتاری [[ تیشکێ لە خۆری کوردایەتی// دێرێک لە داستانی بەچکەشێرانی نەتەوەیی//]].. لەم ماوەیەدا ٨ چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە و داستانی گوندی (ئالان و حاسڵ)ی شارەزوور دیارترینییانە، کاتێ هێزێکی پیشمەرگەی پاسۆک لەگەڵ هێزێکی برایانی سۆشیالیست دا، دەچن بە هانای دوو مەفرەزەی (یەکێتی و حیزبی شیوعی)یەوە کە لەلایەن هێزێکی گەورەی سوپای بەعسەوە گەمارۆ درابوون. لە داستانەکەدا خوێنی شەهید (( دڵشاد ئەحمەد/ دڵە غەزەب))ی پێشمەرگەی پاسۆک لەتەک خوێنی گەشی پێشمەرگەی هلایەنەکانی تردا دەرژێ بەسەر یەک سەنگەری بەرگریی و تەبایی کورددا و هەر چوار لایەن بە هاوبەشی و بە یەک دڵ و بازوو دوژمن تێک دەشکێنن و دەستکەوتی گەورە بەدەست دێنن... ئەم تەبایی و یەکڕیزییە و سەرکەوتنە دەبێتە مایەی شادی و خۆشییەکی زۆر بۆ جەماوەری ناوچەکە و پێشمەرگە قارەمانەکان و هەمووان...
لە بابەتێکی تری سەربەخۆدا دوو وتەی (تاریک)ی دوژمنانی کورد و دوو وتەی (روون)ی دۆستەکانی کورد هێنراوەتەوە .. دوای ئەویش سێیەمین شیعری پەشێوی شاعیرمان لەم ژمارەیەدا بەرچاو دەکەوێت.. ئەم شیعرەش یەکێکە لە شیعرە هەرە بەرز و مانادارەکانی زنجیرە شیعری یاخود دیوانی ( دوازدە وانە بۆ منداڵان) . ناوەڕۆکەکەی لە فۆڕمی گێڕانەوەی چیرۆکێکدایە بۆ منداڵان باس لە بێ دەوڵەتی و بێ ئاڵایی کورد دەکات..

لەزۆر شوێنی دیکەدا باسی بایەخ و گرنگی دەوڵەت و ئاڵامان کردووە و دەیکەینەوە، بۆیەکا لێرەدا بەم کورتە ئاماژە پێدانە دەست هەڵدەگرین و درێژە بەم باسە نادەین.!

[[ماڵاوا]].. ئەو وێستگەیە هەر جارێک دوای گەشتە دووروودرێژەکەمان پێی دەگەین.. بابەتی ئەم ژمارەیە بەناونیشانی: [[ یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە جیاخوازییە یان یەکێتی و رزگاری؟؟!!]]..

پرسیارێکی هەستیارە بە رووی ئەقڵی سیاسی حیزبە کوردییەکان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی گەلانی سەردەست دا؟!.. ورووژاندنی ئەم بابەتە، وەک شڵەقاندنی گۆمێکی مەنگە کە سەدان ساڵ بێت شەپۆلێکی نەدابێت؟!.. کورد رێک لەوە دەچێت، [[وەکو تاوانبارێکی بێ تاوان لە قەفەزی تاوانیاری دا ڕایگرین ]].. پێش ئەوەی هیچ کەسێک پەنجەی تاوانی بەڕوودا راوەشێنێ، لەناوخۆیدا گێرمەوکێشەی فیکری و سیاسی دروست دەبێت. چونکە زۆربەی ئەو حیزب و هیزە سیاسییانە سەرگەرمی ئامانج و داخوازییەک بوون، لەپەراوێزی مافی کولتووریی و فشە ئۆتۆنۆمییەکی تێنەدەپەڕاند!.. [[ئەمە "جیاخوازی" و "تەجزئە تەڵەبی" یە کە بۆتە دێو و کوردی پێ دەتۆقێنن و جێی شانازی و مافی بێ چەندوچوونی هەموو نەتەوەکانی دنیایە، کورد نەبێت!! لەناو خۆشدا بۆتە پلار و تۆمەت و تاوان و دەپێچرێتە ملی شۆڕشگێڕە ڕاستەقینە نەتەوەییەکانی کورد]].

گرفت و دەردەکە لەوەدا یە کاتێ حیزبێ باوەڕی بە یەکگرتنەوە و رزگاریی و بەسەربەخۆیی کودستان نییە، ڕێگری لەوانەش دەکات کە باوەڕیان پێیەتی و خەباتی بۆ دەکەن!. بەواتایەکی تر حیزبی کوردی خۆی دەکاتە پاسەوانی ئایدۆلۆژی و فیکری و سەربازی سنوورەکانی (سایکس پیکۆ)ی دەستکردی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم!.. گەلۆ چ کوێرەوەرییەکە لە دنیای کوردبوون دا؟..!

وتارەکە دوا قسە و پەیامی خۆی بەم دێرە کۆتایی پێدێنێ و وەک بۆمبێکی تەقاوە لە نێو ئەقڵ و سیاسەت و دروشمی ئاڵوواڵای ناو گۆڕەپانی ئەوانی دیکەدا بەجێی دێڵێت.!!

{{ ئەگەر جیابوونەوەش بێت، ئەرێ جیابونەوە لە" سەپاو" و " ناهەق" و " زۆر" و " زۆرەملێ" چ عەیب و تاوانێکی تێدایە؟...]]

منیش دەڵێم تا ژمارەی داهاتوو ماڵئاوا و بەشادیتان دەسپێرم..!







